# سزا وهەڕەشە لە پاژنە پێیەكان بە دۆزەخ، بەجوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرن

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: گەڕاینەوە لە مەککەوە بەرەو مەدینە لەگەڵ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەتا گەیشتینە لای هەندێك ئاو لە ڕێگادا ؛ هەندێك خەڵك پەلەیان كرد بۆ ئەنجامدانی نوێژی عەسر، و بەپەلە دەستنوێژیان گرت، كاتێك گەیشتنیە لایان پاژنەی پێیان وشكی پێوە دیاربوو وئاو تەڕی نەكردبوو، بۆیە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «سزا وهەڕەشە لە پاژنە پێیەكان بە دۆزەخ، بەجوانی وڕێکی دەستنوێژ بگرن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە مەککەوە بەرەو مەدینە سەفەری کرد وهاوەڵانی لەگەڵدا بوو، ولە ڕێگەیاندا هەندێك ئاویان -وەكو گۆمێكیان- بینی، هەندێك لە هاوەڵان دەستبەجێ پەلەیان كرد بۆ ئەنجامدانی نوێژی عەسر، بەڵام پاش دەستنوێژگرتنیان پاژنەی پێی هەندێكیان ئاوی پێنەگەیشتبوو و وشك دیاربوو، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: سزا وتیاچوون لەسەر ئەوانەی كەمتەرخەمن لە شۆردنی پاژنەی پێیان لەكاتی دەستنوێژگرتندا، وفەرمانی پێیان كرد زۆر بەجوانی وڕێکی وتەواوی دەستنوێژ بگرن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/66392

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee